**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ١٥٢٦٦ لە ٢٠٢٢/٩/٢٢**

پاڵپشت بەماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد:-

**ڕێنمایی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**میکانیزمی کڕین و سازدانەوەو ئەپگرەیتی ئامێرە پزیشکیەکان بۆ نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکانی هەرێمی کوردستان**

**ماددەی(١): کڕین:**

١-دەبێت سەرجەم ڕێکارە یاساییەکانی تایبەت بە شێوازەکانی بانگهێشت کردن بگیرێتەبەر بەپێی ڕێنماییەکانی گرێبەستە حکومیەکانی (تنفیذ عقود حکومی) ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ هاوپێچەکانی بێت لەسەر جۆرو تایبەتمەندی ئامێرە پزیشکیەکان ئەنجام بدرێت .

٢-کڕینی ئامێری پزیشکی دەبێت بەپێی ڕێنمایی گرێبەستە حکومیەکان(تنفیذ عقود حکومی) ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ و هاوپێچەکانی بێت وە لەهەمان کاتدا بۆ دیاری کردنی بڕی پارەی تەرخان کراو ڕەچاوی ڕێنمایی ساڵانەی وەزارەتی دارایی و ئابووری بکرێت بۆ مەبەستی ئەنجامدانی پرۆسەی تەندەرین

٣-لە کاتی ئەنجامدان و جێبەجێ کردنی گرێبەستی کڕین ئەو کۆمپانیایەی تەندەری بۆ دەردەچێت دەبێت پابەند بکرێت بە ڕاهێنانی (نظري و علمي) بۆ (پزیشکان و ئەندازیاران و تەکنیکاران ) لە شوێنی مەبەست لە هەرێمی کوردستان یان دەرەوەی وولات ئەگەر پێویستی کرد .

٤-پێویستە کۆمپانیا لە کاتی ئەنجامدانی گرێبەستی کڕینی ئامێرە پزیشکیەکان پارچەی یەدەگ و کەرەستەی بەکارهێنانی ڕۆژانەی ئامێرەکە دابین بکات .

٥-لە کاتی کڕین و دابین کردنی ئامێرە پزیشکیەکان پێویستە ڕەچاوی ماوەی (گەرەنتی / ضمان و سازدانەوە ) بکرێت کە لە نێوان (٢-٥) ساڵ بێت .

**ماددەی(٢): سازدانەوە :**

١-بریتیە لە نرخاندنی سازدانەوەی ئامێری پزیشکی تەنها نرخی کڕینی ئامێرەکە هەژمار بکرێت بەپێی گرێبەست نەک کۆی نرخی دابین کردن و سازدانەوە .

٢-لە کاتی ئەنجامدانی گرێبەستی سازدانەوە لەگەڵ کۆمپانیاکان دەبێت لە ژێر ڕۆشنایی بڕگە (٤٥و٤٦) (اسلوب التعاقد مع مصدر الواحد) لە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ (تنفیذ عقود حکومی) بۆ ئەوەی هەموو بڕگەکانی هاوتا بن لەگەڵ گرێبەستەکە بۆ جێبەجێ کردنی ڕێنمایی گرێبەستە حکومیەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ بریکاری کۆمپانیایی دابینکەر بۆ ئامێرە پزیشکیەکان وە دانانی نەخشەیەکی گونجاو بە مەرجێک کۆمپانیا بریکاری فەرمی کۆمپانیایی دایک(ڕەسەن) بێت .

٣-لە کاتی وەستانی ئامێرە پزیشکیەکان بەهەر هۆکارێک بێت پێویستە کۆمپانیاکان پابەند بکرێن بە زووترین کات سەردانی شوێنی ئامێرەکە بکەن بە مەبەستی چاککردنەوەی ئامێرەکە .

٤- پاش کۆتایی هاتنی گرێبەستی سازدانەوەی ئامێری پزیشکی کۆمپانیا پابەند بکرێت بە بەردەوام بوون لە کاری سازدانەوە تا رێکارەکانی یاسایی و دارایی و تەکنیکی ئەنجام بدرێت بە مەرجێک رەزامەندی وەزیری تەندروستی لەسەر بێت وەک (اثر رجعي)کاری پێ بکرێت بۆ ئەم ئامێرانەی کە زۆر هەستیارن لە کارکردن .

٥-نرخی سازدانەوەی ئامێری پزیشکی دوای کۆتایی هاتنی ماوەی (ضمان/گەرەنتی) پێویستە بەم شێوەیەیی خوارەوە بێت :-

أ- ( ٣بۆ ٤) ساڵ تەمەنی ئامێرەکە رێژەی دەبێتە (٥٪ - ٦٪) لە نرخی کڕینی ئامێرەکە .

ب- (٥ بۆ ٧) ساڵ تەمەنی ئامێرەکە رێژەی دەبێتە (٦٪ - ٧٪) لە نرخی کڕینی ئامێرەکە .

ج- ئەگەر تەمەنی ئامێرەکە (٨) ساڵ زیاتر بێت رێژەکە دەبێتە (٨٪ - ١٠٪) لە نرخی کڕینی ئامێرەکە .

بەڵام نرخی (x-ray tube) بەپێی گرێبەستی سازدانەوە دەبێت لەبەر ئەوەی تیوبی ئامێری تیشکی اعتیادی جیاوازی هەیە لەگەڵ تیوبی (ct-scan) هەروەها ئەویش جیاوازی هەیە لەگەڵ (Pet-scan) هتد ...

١- پێویستە مانگانە گوژمەیەک دیاری بکرێت بۆ (دەزگای هونەری -الورشة الفنية )ی بەرێوەبەرایەتی گشتیە تەندروستیەکان لە چوارچێوەی پێشینەی مانگانەی خۆیان بە مەبەستی چاککردنەوەی ئەو ئامێرانەی کە سازدانەوە نایان گرێتەوە .

**ماددەی(٣): ئەپگرەیت:-**

بریتی یە لە گۆرینی تەواوی ئامێرو پاشکۆکانی بە ئامێرێکی نوێ کە مۆدیلەکەی کۆنتر نەبێت لە (٢)دوو ساڵ لە کاتی ئەپگرەیتدا لە هەمان جۆرو کۆمپانیای بەرهەم هێن .بەگۆرینی بەشێکی ئامێرەکە بە بەشێکی تر ئەگەر پبگۆرینی بەشیکی ئامێرەکە بە بەشێکی تر ئەگەر پێویستی کرد .

١-ئەپگرەیت کردنی ئامێرەکان پێویستە بە شێوەیەک بێت (سۆفت وێر ، گۆرینی کەرەستەکان ، نوێکردنەوە ، رێژەی گۆرین و نوێ کردنەوەکان ) لەگەڵ سەردەم بگونجێت وە ڕەچاوی ستانداردی جیهانی بکرێت لە ژێر رۆشنایی برگەکانی مادده (٤٥)و(٤٦) (اسلوب التعاقد مع مصدر الواحد ) بەپێی رێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦ جێبەجێ کردنی گرێبەستە حکومیەکان .

٢-پێویستە لیژنەیەکی تەکنیکی و دارایی و یاسایی هەبێت بۆ خەملاندن و هەڵسەنگاندنی نرخی ئامێرە کۆنەکان لە کاتی ئەپگرەیت کردنی .

٣-پێویستە ئەو ئامێرەی (ئەپگرەیت)ی بۆ دەکرێت لایەنی کەم (١٠) دە ساڵ کاری کردبێت بەڕەچاوکردنی شوێنی ئامێرەکە وە ئەو لۆدەی کەلە سەریەتی

**ماددەی(٤):**

ئەم رێنماییە کاری پێدەکرێت لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**سامان بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**